# لەخێزانێکدا، چوار منداڵ داوای کۆمەك و هاوکاری دەکەن
# کێ دەچێت بە هانایانەوە؟

**سامان کەریم - کفری**

**(ئەژین، شەوبۆ، محەمەد و سایە) سێ خوشك و برایەکن خەڵکی شاری کفرین. ئەم چوار منداڵە تووشی نەخۆشی (قرنية مخروطة) هاتوون، کەنەخۆشییەکی ترسناکی چاوە. بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی لەشارەکانی بەغداو کەرکوك و سلێمانی و تاران، پێویستە ئەو منداڵانە نەشتەرگەری بکرێن و چاوی تریان بۆ لەجێگە دابنرێت، ئەگەر نا، ئەوا نەخۆشییەکەیان ترسناکەو دەبێتە هۆی کوێریی و لەدەستدانی چاویان..**

**ئاشتی باقی، کە باوکی ئەو چوار منداڵەیە چەند ساڵێکە زۆربەی دکتۆری شارەکانی عێراق گەڕاوە، بۆ دۆزینەوەی چارەسەری چاوی منداڵەکانی، بەڵام نەگەیشتووەتە چارە، تا دواجار پێی دەڵێن، کە چارەی ئەو نەخۆشییە تەنها لەدەرەوەی وڵاتە و لەتارانی پایتەختی ئێرانیش دەتوانێت چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە. ئەم باوکە خۆی دەگەیەنێتە تاران، لەوێ بەگوێرەی ڕاپۆرتی پزیشکی دەتوانرێت چارەی چاوی منداڵەکانی لەو نەخۆشییە بکات، بەڵام بە پارەیەکی زۆر، کە لەتوانای ئەم خێزانەدا نییە. هەر تەنها چاوێکی یەك کەس لەو منداڵانە بە بڕی (٢,٥)ملیۆن دیناری عێراقی چارەسەر دەکرێت، جگە لە خەرجی داودەرمان و نەخۆشخانەو تێچوونی کرێی هاتوچۆو مانەوە.**

**کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ ئەو کاتەیە، کە دکتۆرەکانی تاران بۆ نەشتەرگەریی چارەسەری چاوی ئەو منداڵانەیان داناوە، بەڵام بەهۆی کەمدەرامەتی و دەستکورتییەوە، باوکی ئەو منداڵانە ناتوانێت بیانگەیەنێتە چارەسەرکردن. بۆیە لەم ڕێگایەوە ڕووی دەممان لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێکخراوە خێرخوازەکان، ڕێکخراوەکانی منداڵانی کوردستان و هەموو دڵسۆزێك و کەسێکی مرۆڤدۆست دەکەین، بتوانێت بچێتە هانای ئەو خێزانەوەو چوار منداڵی کورد، چوار پەپولەی بێدەرەتانی کورد لە کوێربوون ڕزگار بکات.. هاوکاری و کۆمەکتان، دڵسۆزی و خەمخۆریتانە بۆ ژیانی خێزانێك و بەخشینی ڕووناکیی ژیانە بە چوار منداڵی کورد.**

**هەرکەسێك ویستی هاوکاری هەیە، دەتوانێت پەیوەندی بەم ناونیشانەوە بکات:**

**-ژمارە تەلەفۆنی ٠٧٧٠١٤٦٥٣٥١**

**-یاخود ئەم ئیمێلە:** kifrikurd@yahoo.com